مەسعود بارزانی پیرۆزبایی سالیادی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی کرد



مەسعود بارزانی پیرۆزبایی سالیادی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی کرد و لە پەیامێکی سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووە، "بۆ بەڕێز کاك محەممەد حاجی مەحمود سەرکی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی چل و حەفتەمین سالیادی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکەم".

لە پەیامەکەی مەسعود بارزانی هاتووەش، "لەو یادەدا پێزانینم بۆ خەبات و قوربانیدانی ئەو و حیزبەکەتان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەیە و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم، هیوادارم بە هیممەتی گشت لایەك کار بۆ پاراستنی دەستکەوتکانی گەلی کوردستان بکرێت و کوردستان بەسەر کێشە و تەحەددیاتکاندا سەربکەوێت".